Mitanni Journal
Mitanni Journal

Volume 6 Issue 2 Article3

# Pragmatic signs in ancient Kurdish proverbs

**Badrkhan Suleman Ali**
*University of Salahaddin / College of Basic Education / Department of Kurdish Language*

**Asos Anwer Sulaiman**
*Erbil Polytechnic University / Erbil Technical Administrative Institute / Tourism Faundation Administration Department*

**Hewr Jamal Sadiq**
*University of Salahaddin / College of Basic Education / Department of Kurdish Language*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article
Badrkhan, S.A., Asos and Hewr 2026 Pragmatic signs in ancient Kurdish proverbs. Mitanni Journal, 6(2), Article 03.
DOI: 10.25156/ptjhss.v6n2y2025.pp32-46
This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

# Pragmatic signs in ancient Kurdish prove

### AI usage declaration
Yes, we acknowledge that the content of this work was not created using artificial intelligence anywhere.

### Author contribution
Yes, we three authors contributed equally to all aspects of this research work.

### Ethics information
Generally, this research does not require ethical approval because the work is based on theoretical frameworks, and all sources cited are clearly referenced and documented in the bibliography.

### Data availability statement
The data supporting the findings of this study is available to us, the three authors, and we are responsible for its availability upon reasonable request. All data are either obtained from sources or are based on our own understanding of the subject matter, which is a core part of our expertise.


### Funding information
Yes, we confirm that we have not received any specific funding to conduct this research.


### Conflict of interest
Yes, we declare that there is no conflict of interest between us in writing this research.


### Acknowledgement
We, the authors, extend our sincere thanks to the College of Technology, Department of Surveying, Erbil Technical University, and to the individuals who contributed to this study.


### Declaration of the Study’s Origin
Yes, this research focuses on pragmatic signs in Old Kurdish.

**ORIGINAL ARTICLE**

# Pragmatic signs in ancient Kurdish prove

Badrkhan Suleman Ali [1] Asos Anwer Sulaiman [2] Hewr Jamal Sadiq[3]

[1] University of Salahaddin / College of Basic Education / Department of Kurdish Language.
[2] Erbil Polytechnic University / Erbil Technical Administrative Institute / Tourism Faundation Administration Department.
[3] University of Salahaddin / College of Basic Education / Department of Kurdish Language.

Abstract:

Textual cohesion is one of the essential requirements of language, and it completes the semantic aspect of language. While semantics and grammatical structures of sentences and texts are insufficient for interpreting indirect meaning or intended meaning of linguistic units, pragmatic interpretation becomes necessary to reach the true intention of every linguistic unit used.

Pragmatic markers assume this role of connecting text to context, because every use of them requires reference and prior knowledge for understanding to occur between sender and receiver. Undoubtedly, a person who is unaware of the reason for using each of these markers does not understand why they were used. This confirms for us that the true meaning of any linguistic expression needs the specific context and circumstances in which it was used, because that is where the intention of the utterance becomes clear.

In this study, an attempt has been made by adopting a descriptive-analytical approach to identify those markers that play the role of connecting text to context for meaning interpretation. For this purpose, previous proverbs have been taken as examples, being brief and concise meaningful expressions, and the interpretation of their meaning occurs in context through the awareness of both sender and receiver regarding the intention of using each of the markers that have been taken as samples in the study.

**Keywords**: place markers, text tags, demonstrative pronouns, pragmatic signs

Received 04 December 2025; accepted 22 December 2025.
Available online 14 Apr 2026

* Corresponding author.
E-mail addresses: badrkhan.ali@su.edu.krd

2710-2173/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).

# نیشانە پراگماتیکییەکان لە پەندی کوردیدا

## پووختەی توێژینەوە

بەستنەوەی دەق یەکێکە لە پێویستییەکانی زمان و لایەنی واتایی زمان تەواو دەکەن، لەوکاتەدا کە سیمانتاك و پێکهاتەی ڕێزمانی ڕستە و دەق دەستەوەستانە بۆ لێکدانەوەی واتای ناڕاستەوخۆ، یاخود واتای مەبەست بۆ یەکەکانی زمان، ئەوکاتە لێکدانەوەیەکی پراگماتیکی پێویست دەبێت بۆ گەیشتن بە مەبەستی ڕاستەقینەی هەر یەکەیەکی بەکارهاتووی زمان.
نیشانە پراگماتیکییەکان ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرن بۆ بەستنەوەی دەق بە دەوروبەر، چونکە لە هەر بەکارهێنانێکیاندا گەڕانەوەیەك پێویستە و زانیارییەکی پێشینەی دەوێت تاوەکو لەنێوان نێرەر و وەرگردا تێگەیشتن بێتە ئارا، کە بێشك کەسێکی نائاگا لە هۆکاری بەکارهێنانی هەریەکێك لەو نیشانکارانە تێناگات، کە بۆچی بەکارهاتوون. ئەمەش ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە، کە واتای ڕاستەقینەی هەر دەربڕینێکی زمانی پێویستی بە بارودۆخی تایبەت و ئەو دەوروبەرە دەبێت کە بۆی بەکارهاتووە، چونکە لەوێدا مەبەستی گوتنەکە ئاشکرا دەبێت.
لەم توێژنەوەیەدا هەوڵدراوە بە گرتنەبەری ڕێبازی وەسفی شیکاری دەستنیشانی ئەو نیشانکارانە بکرێت، کە ڕۆڵی بەستنەوەی دەق بە دەوروبەر دەبینن بۆ لێکدانەوەی واتا، بۆ ئەم مەبەستەش پەندی پێشینان بە نموونە وەرگیراوە، کە دەربڕینێکی کورت و پوختی مانادارە و لێکدانەوەی ماناکەشی لە دەوروبەردا لەڕێگەی ئاگاداربوونی هەریەك لە نێرەر و وەرگر سەبارەت بە مەبەستی بەکارهێنانی هەریەك لە نیشانکارەکان کە بە نموونە لە توێژینەوەکەدا وەرگیراون دەبێت.
**کلیلە وشە:** پەروەردەی میدیایی، ڕۆڵ، هۆشیارکردنەوە، بەکارهێنەران، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

### پێشەکی توێژینەوە:

١-ناونیشانی توێژینەوەکە:
لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی(نیشانەی پراگماتیکی لە پەندی کوردیدا)یە، هەوڵدەدا نیشانە پراگماتییەکانی پەندی کوردی دەستنیشان بکا و گرنگی نیشانەکان لە پەندی کوردیدا بخاتە ڕوو.
٢- هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:
پەندی کوردی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکارهێنانی بەربڵاوی هەیە، کە لەلایەن ئاخێوەرانەوە زۆر بەکاردێ، بەتایبەتی لە ئاخاوتنی نێو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، هەندێ جار لێلی لەبەکارهێنانیاندا درووست دەبێ، کە بەشێك لەو لێلییانە بۆ نیشانە پراگماتیکییەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە گرنگە ئەو نیشانانە بخەینەڕوو، تاوەکو گرنگی نیشانەکانمان بۆدەربکەوێ.
٣-کێشەی توێژینەوەکە:
ئاخاوتن و دەربڕاوەکان لەڕووی واتاوە لێکدانەوەی پراگماتیکییان بۆ دەکرێ، چونکە ئاخاوتن لە بەکارهێناندا جیاوازە لەو وشانەی کە لە فەرهەنگدا دەنووسرێن، واتا و لێکدانەوەی جیاواز وەردەگرن و لە ڕووی پراگماتیکییەوە لێکدەدرێنەوە، پەندە کوردیەکانیش بەگشتی ئەوەندەی لێکدانەوەی پراگماتیکی هەڵدەگرن لە ڕووی سیمانتیکییەوە لێکنادرێنەوە، یەکێك لە دیاردەکانی واتای پراگماتیکیش نیشانە پراگماتکییەکانن، کە بە تێڕوانینی پراگماتیکییانە واتاکانیان ڕوون دەبنەوە.
٤-کەرەستەی توێژینەوەکە:
بریتییە لەو پەندە کوردییانەی چ بە پەخشان یان لە شێوەی شیعردا گووتراون، لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا.
٥-گرنگی توێژینەوەکە:
گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە دەربڕاوەکانمان لە چوارچێوەی ئاخاوتندا ڕەهەندی پراگماتیکییان لەپشتەوەیە و ئاشکراکردنی ئەو ڕەهەندە و دیاریکردنی مەبەستی ئاخاوتن لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی پراگماتیکیدا بەدەر دەکەوێ، بۆیە نیشانەی پراگماتیکیش، بە شێوەیەکی فراوان لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێن، بەڵام بەکارهێنانیان بەشێکی زۆر لە واتای دەربڕاوەکان لەو نیشانانەدان و لە ئەگەری لابردنی نیشانەکان، یان گرنگی پێ نەدانیان لەلایەن ئاخێوەرەوە بەشێك لە واتای دەربڕاوەکان بە دروستی ناگەن بە وەرگر.
٦-ئامانجی توێژینەوەکە:
١- نیشانە پراگماتیکیەکان وەك تەوەرەیەکی پراگماتیکی چیین، هەروەها چۆن بەکاردێن و ڕۆڵیان چییە لە ئاخاوتندا.
٢- پراکتیزەکردنی نیشانە پراگماتیکیەکان لەسەر پەندە کوردییەکان.
٣- دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان پەند و بەهای پەند، لەگەڵ زمانەوانی لەئاستی واتادا، بۆ ئەوەی واتا شاراوەکانی ناو پەندی کوردی لە هەموو ڕوویەکەوە بەیارمەتی پراگماتیك و نیشانە پراگماتیکیەکان ڕوونببێتەوە.
٤- تیشك خستنەسەر لێکۆڵینەوەی پراگماتیکی دەربڕاو و ئاخاوتنەکانمان، بۆ ئەوەی لە لێکدانەوەی نیشانە پراگماتکییەکان بەواتای خۆیان بەکاربهێنرێن و لێکدانەوەی دیکەیان بۆ نەکرێ.

٧- ڕێبازی توێژینەوەکە:
لە شیکردنەوەی پەندەکاندا پاڵپشت بە بنەما پراگماتییکییەکان و دەوروبەر، نموونەکان بەپێی ڕێبازی شیکاری وەسفی شیکراونەتەوە.
٨-سنووری توێژینەوەکە:
سنووری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدایە، بەتایبەتی لەسەر ڕۆڵی پراگماتیك لەناو زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە پەندە کوردییەکاندا.
٩-ناوەرۆکی توێژینەوەکە:
توێژینەوەکەمان پێکهاتووە لە پێشەکییەك و دوو بەش، لەبەشی یەکەمداکە لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا تیشکخراوەتە سەر پراگماتیك و بابەتەکانی پەیوەست بە پراگماتیك و ناساندنیان. لە تەوەری دووەمدا تیشك خراوەتە سەر پەندی کوردی و ئاست و جۆر و مەبەستەکانی پەندی کوردی. لە بەشی دووەمیشدا باس لە نیشانەپراگماتییەکان و جۆرەکانییان کراوە، هەروەها ئەو نیشانە پراگماتیکیانەی کە لە پەندەکاندا هەن دەستنیشان کراون. لە کۆتاییشدا دیارترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

تەوەری یەکەم/ پەند و نیشانە پراگماتییەکان
**یەکەم** : نیشانە پڕاگماتیکییەکان
نیشانە پڕاگماتیکییەکان: بریتیە لەو کەرستانەی، کە زمان و دەوروبەر بەیەکەوە گرێ دەدات، کەس و کات و شوێن و پلەی کەسەکان لە ئاخاوتندا دەستنیشان دەکات، بەجۆرێك دەکرێ بوترێت: نیشانە ( وشەیەکی یۆنانییە بەواتای ئاماژەکردن دێت. ئەم Dixiesچوارچێوەی ) وشەیە بەواتای"نیشانەکردن"ە بە زمان، هەر فۆرمێکی زمانی لەوکاتەداکە بۆ ئەنجامدانی کردەی"نیشانەکردن" بەکاردێت، بە دەربڕینی نیشانەیی ناودەبرێت. کاتێك شتێکی نامۆ دەبینین و دەپرسین " ئەوە چییە؟" دەربڕینی نیشانەیی "ئەوە" بەکاردەهێنین تا شتێك لەهەمان دەوروبەر نیشان بدەین (جۆرج یۆل: 2016: 27)، هەروەها بوارێکی هاوبەشە لەنێوان سیمانتیك و پراگماتیکدا، چونکە نیشانەی پڕاگماتیکی بە ئەرکی قەرەبووکردنەوەی واتای وشەکان و ئاماژەپێکردنی ئەو وشانە هەڵدەسێت.(شێرزاد صبری علی : 2014 : 171 ).
کەواتە ئەگەر بمانەوێت بە قوڵی لەو نیشانە پڕاگماتیکییانە بگەین، پێویستە تێگەیشتنێکی باشمان لەسەر لایەنی سیمانتیکی ئەو نیشانانە هەبێت، چونکە ئەگەر نیشانە پڕاگماتیکییەکان واتایەکی جێگیریان هەبێت دەبن بە بەشێك لەواتای سیمانتیکی، بەڵام چونکە واتای ئەو نیشانانە هەرجارە و ئاماژە دەکەن بۆکەسێك وکاتێك و شوێنێك، لەبەرئەوە ئاستی سیمانتیکی بەتەنیا ناتوانێت واتای نیشانە پڕاگماتیکییەکان دیاریبکات. بەڵکو بەڕێگای ئەو دەوروبەرەی کە هەیە لە نێوان ئاخێوەر و گوێگردا، نیشانە واتاییەکان دەردەکەون.
بوونی ئەو نیشانە پڕاگماتیکیانە پێویستییەکی جێگیرن لەناو دەقدا، چونکە ئەرکیان دروستکردنی پەیوەندییەکانی نێو دەقە و واتایان ڕوون نابێتەوە تا بۆ (کەس و شت)ە نیشاندراوەکە نەگەڕێتەوە. (قیس کاکل تۆفیق: 2002: 45).
نیشانە پراگماتییەکان ئەو فۆرمە زمانییە تەمومژاوییانەن، کە ئاماژە بۆکەس وکات و شوێن و پلە و پایە و ... هتد دەکەن. ئەوکەرەستانە دەگرنەوە کە زمان و دەوروبەر بەیەکەوە دەبەستنەوە، وەکو نیشانەکانی (کات وکەس و شوێن و تێکست و نیشانە کۆمەڵایەتییەکان). ئەم نیشانانە پەیڕەوی ئاماژەکردن پێکدێن و لەڕێزماندا ڕەنگدەداتەوە (عبدالواحید موشیر:2011: 95).
نیشانە پڕاگماتیکییەکان ئەو ئامرازانەن کە ڕۆڵی پڕاگماتیك دەبینن و واتاکانیان لە دەوروبەردا دەدۆزرێنەوە، لەهەندێك باردا بە هۆی کەواتە بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی گوتن، نیشانەکان پەیوەندی لەنێوان زمان و دەوروبەرەوە کات و شوێن وکەسانی وتن دیاری دەکەن. جیهانی دەرەوە دروستدەکات، بەهۆی ئاگاداربوون لە چوارچێوەو دەوروبەری گوتن، دەتوانین بەتەواوی لە مەبەستی گوتن بگەین(جاك موشلر: 2010: 159).
لێکدانەوەی واتای نیشانەکان، لێکدانەوەیەکی پراگماتیکی پێویستە، دەبێت بزانرێت (نێرەر و وەرگر)و هاوبەشەکان کێن وکات و شوێنی ئاخاوتنەکەش چ کاتێکە.
و ئاسانکردنی تێگەیشتن، بەمەرجی نیشانە پراگماتیکییەکان، کە بەشێکی دانەبڕاوی پڕاگماتیکن، ڕۆڵێکی گەورە دەبینن بۆگەیشتن بە واتا گەڕانەوە بۆ ئەو شتەی کە بۆی بەکارهاتووە، یان ئەو بارودۆخەی کە دەربڕینەکەی تێدا بەکارهاتووە، کەواتە نیشانەکان لەبری ئاماژەبۆکراو بەکاردێن و مەبەستی هەر دەربڕینێك ڕووندەکەنەوە، لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ بارودۆخی هەر گوتنێك، کەواتە دەتوانین بڵێن نیشانەکان دوو جۆر بەکارهێنانیان هەیە:
١-نیشانەیی DEICTIC : دەوروبەری جۆری نیشانەکە، واتای دەربڕینەکە دیاریدەکات.
٢-نانیشانەیی NON DEICTIC : واتای ئەو نیشانەیە بەهۆی سیمانتیکەوە لێکدەدرێتەوە(نەزیرە سابیرمستەفا: 2021: 177)
زۆربەی وشەکانی زمان لە واتایەکی فەرهەنگی زیاتر دەبەخشن، ئەوەی ئەو واتایانە دەستنیشان دەکات و لێکیان جیا دەکاتەوە بریتییە لەو دەوروبەرەی کە وشەکانی تێدا دەردەکەوێت، چونکە نیشانە پڕاگماتیکییەکان ((ئەو وشانەن، یان ئەو بەشانەی ئاخاوتنن، کە لەهەندێك باردا، بەهۆی دەوروبەرەوە، کات و شوین وکەسانی وتن دیاری دەکەن))(ئەورەحمانی حاجی مارف: 2004: 379).

واتە دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگ و دیاری هەیە لەدەستنیشانکردنی واتادا، بۆ نموونە:
١-ئەو قوتابییەکی زیرەکە.
ئەگەر گوێگر لەبەشداربووانی بۆنەی وتنەکە نەبێت، یان ئاگاداری بارودۆخەکە نەبێت، نازانێت مەبەست لە (ئەو) چ کەسێکە.
زانایانی زمان وەسفی واتای فەرهەنگی وشە دەکەن بەوەی کە فرەواتایە و لە واتایەك زیاتر لەخۆ دەگرێت، لەکاتێکدا وەسفی واتای سیاقی وشە دەکەن کە یەك واتای هەیە، لەو واتایەش زیاتر لەخۆناگرێت (تاڵیب حوسێن:2019: 56 ).
دەوروبەر هەمموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە ئێستاو ڕابردوودا کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، هەروەها ئەو ڕەگەزانە لە خۆدەگرێت کە ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردن و ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی واتا و مەبەستدا، لەم بارەیەوە (لاینز) دەڵێت: (ئەو دەوروبەرەم بدێ کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە واتاکەت دەدەمێ)( عبدالواحید موشیر: 2010 : 28)، بۆیە زۆرجار بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتا پەنا بۆ دەورووبەری دیاریکراوی گوتنەکە دەبرێت، واتە دەوروبەر بریتییە:  لەو ژینگە زمانی و نازمانییەی کە دەربڕینی تێدا ساغ دەبێتەوە، بەجۆرێك ئامانج و مەبەستی ئاخێوەر دەپێکێت، ئەوگریمانە و تەمومژانەش ناهێڵێت، کە لەوشە، ڕستە، دەق، گوتنەکان بەدیدەکرێن)، کەواتە دەوروبەر وەك هاوکێشەیەکی پراگماتیکییە، کە واتای دەربڕینەکانی تێدا ئاشکرا دەبێت(شوان نجم الدین عمر: 2013:5)، تەنانەت وەك ڕوونە گرفتی لێڵی واتای فەرهەنگیش تەنها لە گۆشە نیگای فرەواتاییەوە سەیر ناکرێ، بەڵکو ئەوە دەوروبەرە، واتای نوێ بە وشەکان دەبەخشێت، ئەگینا واتای فەرهەنگی وشە تاکە واتای وشەکە ناگەیەنێت. (سازان رضا معین: 2005: 10).
هەموو تێگەیشتنێك لە واتای دروستی دەربڕینەکان پێویستی بە گەڕانەوە هەیە بۆ مانای ئەو نیشانە پراگماتیکیانەی کە لەدەربڕینە زمانییەکەدا بەکارهاتوون، ئەوکاتە مەبەستی سەرەکی ئاخێوەر و تێگەیشتنی وەرگری پەیامەکە دەردەکەوێت، ئەمەش یەکیکە لە تایبەتمەندییەکانی پراگماتیك و نیشانە پراگماتییەکانی تێدا دەستنیشان دەکرێت و دەزانرێت هەر دەربڕینێکی زمانی بۆچی بەکارهاتووە، واتە نیشانە پراگماتیکییەکان لایەنێکی گرنگی گەیشتن بە واتای دروستی دەق، ((نیشاندەرەکان هەمموو جارێك یەك کەس و شتی نەگۆڕ دەستنیشان ناکەن، بەڵکو هەر جارەی بۆ شتێك دەگەڕێنەوە، واتا جێگا بۆکەرەستەیەکی تر لەناو دەقەکەدا ڕێکدەخەن)) (قەیس کاکل تۆفیق: 2002: 51).
بۆ نموونە:
٢-ئەو بەڵێنەکەی ئەوانی بەجێ گەیاند.
لە نموونەی ژمارە (2)دا نازانرێت ئەو بۆ کێ بەکارهاتووە، دەشێ لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ پەیوەندی نێوان (ژن و مێردێك) یان ( دوو هاوڕێ) ... هتد بگەڕێتەوە، واتە (ئەو) وەك نیشانەیەکی پراگماتیکی ڕۆڵی جۆراوجۆر دەبینێت و هەرجارەی دەکرێ بۆکەرەستەیەکی زمانی بگەڕێتەوە.
بۆنەی گوتنەکان و مەبەستی وتراوەکان لە نیشانە پڕاگماتیکییەکان دەردەکەوێت، بەمەرجێك گوێگر یەکێك بێت لە بەشداربووانی بۆنەی گوتنەکە، یاخود لانی کەم پێشینەی زانیاری لەسەر بارودۆخەکەهەبێت، ئەگەرنا نازانێت مەبەست لە (ئەو، ئەوان) چ کەسێکن، هەروەها ئەو بەڵێنەش چییە کە جێبەجێی کردووە، تەنانەت زۆر زانیاری دیکەی نەوتراو هەن بەبێ ئاگاداربوون لە بارودۆخەکە زانینیان ئەستەمە، لەوانە: (کاتی جێبەجێکردن و چۆنییەتی جێبەجێکردن و خودی بەڵێنەکە،.. هتد)، (بێ ئاگاداربوون لە چوارچێوەی وتن، کاتی وتن، شوێنی وتنەکە و هاوبەشەکانی وتنەکە، ئەو کەرەستانەی کە نیشانەی پڕاگماتیکین، واتای تەواو ناگەیەنن.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2004: 380)

**دووەم**:جۆرەکانی نیشانە پڕاگماتیکییەکان
نیشانە پراگماتیکییەکان گرنگی تایبەتیان لە زماندا هەیە، چونکە واتای کەس و شوێن وکات و ... هتد دەستنیشان دەکەن، ئەو لێڵی و تەمومژیانە دەرەوێننەوە، کە لەگوتنێکدا دەردەکەون، هاوکات جۆرێك لە ئابووریکردن لە زماندا فەراهەم دەکەن، کە بەسوودی ئاخێوەر و گوێگر تەواو دەبێت. بەگشتی لەم جۆرانەی خوارەوە پێکدێت:

نیشانە کەسییەکان :

نیشانە کەسییەکان بەگشتی ئاماژەن بۆ ئەوکەسانەی کە لە ئاخاوتنەکەدا بەشدارن و ڕۆڵیان لە ئاخاوتنەکەدا پێدراوە، بۆ ئەم مەبەستە جگە لە ناو، جێناوە کەسیە سەربەخۆ و لکاوەکان و جێناوی نیشانە، ڕۆڵی سەرەکی دەبینن بۆ تێگەیشتن لەواتای دەق و ئاماژەکردن بەو کەسانەی کە هاوبەشن لە ئاخاوتنەکە( عەبدولواحد مشیر دزەیی: 2011: 101).
وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، تەنانەت ناوی تایبەتیش دەکرێ وەك نیشانەی پڕاگماتیکی لە ڕستەیەکدا دەرکەوێت، ئەگەر گوێگر زانیاری پێشینەی لەسەرکات و شوین وکەسەکان و بارودۆخی گوتنەکە نەبێت، بۆ نموونە:
٣-ئەحمەد وەڵامەکانی هەمووی ڕاست بوون.
لە نموونەی ژمارە (3)دا ئەگەرچی ئەحمەد ناوێکی تایبەتییە، بەڵام بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەری گوتنەکە، ئەگەری هەیە نەزانرێت کام (ئەحمەد) مەبەستی ئاخێوەرە، ئەم دیاردەیەش بەشێوەیەکی ڕوونتر لە جێناوە کەسییەکان و جێناوی نیشانەدا دەردەکەوێن، وەك ئەم ڕستانەی خوارەوە:

٤-ئەو وەڵامەکانی هەمووی ڕاست بوون.
٥-وەڵامەکانی هەمووی راست بوون.

نیشانەکانی شوێن:

واتای شوێن بەبێ ئاگاداربوون لە ژینگەی گوتنێك دەرناکەوێت، ئەگەر گوێگر لە بەشداربووانی گوتنێك نەبێت نازانێت مەبەستی ئاخێوەر لە ڕستەی (6)دا کام شوێنە، وەکو

٦-ئەوێ وڵاتی ئەوان نییە.

لە نموونەی ژمارە (6)دا، (ئەوێ) کە ئاوەلکاری شوێنییە، نیشانەی پڕاگماتیکییە بۆ شوێنێکی دیاریکراو و کۆدیکی ئاشکرایە لەلای ئاخێوەر، بەڵام لە ئەگەری نەبوونی پێشینەی زانیاری لەسەر شوێن و بارودۆخی پەیوەندیکردنەکە لەلایەن گویگرەوە، نازانرێت مەبەست لە (ئەوێ) چ شوینێکە، ((زۆرجار واتای شوێنەکە بەپێی چوارچیوەی بارەکە و ڕۆشنبیری و ژینگە و جوگرافیا...هتد دەگۆڕێت)) (بەهار زایەر: 2016: 146).

نیشانەکانی کات:

ئەو نیشانە پڕاگماتیکییانە دەگرێتەوە کە کات دەنوێنن و لەشێوەی ئاوەڵکاردا دەردەکەون، واتە کاتی گوتن لە دیدی هاوبەشەکانی ئاخاوتنەکە دیاری دەکەن، بۆیە ئەگەر گوێگر لە بەشداربووانی گوتنێك نەبیت و پێشینەی زانیاری نەبێت، نازانێت کام کات مەبەستە. بۆ نموونە:

٧-ئەوسا سەردەمێکی خۆش بوو.

وشەی (ئەوسا) لە نموونەی ژمارە (7 )دا وەك نیشانەی پڕاگماتیکی بەکارهاتووە، چونکە ئاماژەی بە سەردەمێك کردووە، کە ناوی خودی سەردەمەکە نەهاتووە، بەڵام (ئەوسا) کە ئاوەڵکاری کاتییە، وەکو نیشانەیەکی پراگماتیکی مەبەستی ئاخێوەرمان بۆ بەیان دەکات، ئەگەرچی ڕەنگە لەلای گوێگر پێشینەی زانیاری، یان گەڕانەوەیەکی بۆ دەوروبەر و بارودۆخی ئاخاوتنە پێویست بێت.

نیشانە کۆمەڵایەتییەکان:

نیشانەی کۆمەڵایەتییەکان: ئەو کەرەستانەن کە جیاوازی کۆمەڵایەتی هاوبەشەکانی ئاخاوتن نیشان دەدەن، یان ئەو لایەنانەی گوتنن، کە تیایاندا ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگ دەداتەوە( محمد معروف فتاح: 203:2011).

ئەو نیشانە کۆمەڵایەتییانە دەستنیشانی پێگەی کۆمەڵایەتی و جۆری پەیوەندی نێوان ئەو کەسانە دەکەن کە لە ئاخاوتندا ئاماژەیان بۆکراوە، ئەمەش گوێگر نزیك دەکاتەوە لە تیگەیشتن لەواتا و مەبەستی ئاخێوەر، بەمەرجێك گوێگر یەکێك بێت لە بەشداربووانی ئاخاوتنەکە، یاخود ئاگاداری بارودۆخەکە بێت. نیشانەی کۆمەڵایەتی لەشێوەی (ناو، نازناو، جێناو) وەکو نیشانەی پراگماتیکی دەردەکەون.

نیشانە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی کەلتورو کۆمەڵگە دەگۆڕێن، واتە چەندایەتی و چۆنییەتی ئەم نیشانانە بەندن بە کلتوورەوە، هەر کلتوورێکیش بەندە بە دوو هۆکارەوە:

یەکەم: پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاخێوەران، واتە پلەی خزمایەتی و نزیکی دووری ئەوانەی قسە دەکەن یان ئەوانەی قسەیان لەبارەوە دەکرێ.

دووەم: چەشن و جۆری ئاخاوتنەکە، ئایا چ جۆرە ئاخاوتنێکە؟ فەرمییە، نافەرمییە؟(ئاڤێستا کەمال:2009:38)

فلیمۆر پێی وایە نیشانە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئەسپێکتانەن کە لە شێوەی پەرچەکرداردا، یان بەشێوەی چەسپاو بەهۆی گرێدانی ئەم نیشانە زمانییانە بە کلتوور و کۆمەڵگا لە کردەی ئاخاوتندا بەدەردەکەون، واتە بە دەوروبەری ئاخاوتن دەبەسترێنەوە، ویدسۆن پێوایە، دەوروبەر پێگەیەکی هزری یان نواندێکی نابەرجەستەیە، بەهۆیە مەبەستی گوتن ڕوونتردەبێتەوە(شیلان عوسمان:2020:26)

**سێیەم**: پەند

ێ پێناسەی پەند: چەمکی پەند چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە ئەگەرچی کەسانێکی وەکو ئارکێر تایلۆر میدر و پیتەر پێیانوایە بەیەك شێوە پەند پێناسە ناکرێت، بۆ وێنە میدر دەڵێت: (( دەتوانم بڵێم ڕادەی پێناسەی پەندەکان زۆرتر لە خودی پەندەکانە )) هەروەها بابەك ئەحمەدی دەڵێت: (( داهێنەری پەندەکان نەناسراون، بەڵام لە لایەن هەموو خەڵکەوە قەبوڵ کراون )) ( خالیدعەلیزادە : 1394 هەتاوی:14).

**پەندی پێشینان:** بێژەیەکی سوکەڵەو سانای سەر زمانە بۆ مەبەستی ئامۆژگاری و ورياکردنەوە و پێشبینی و سەرنجدان و تێڕامان و شیکردنەوەی هەڵوێست بەکار دەهێنرێت (شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن 2009 : 9).

پەندی پێشینان قسەیەکی ڕێکە و هونەرێکی تایبەتی تێدایە، هەڵقولاوی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکە. هەروەك یوری سۆکۆلۆڤ دەڵێت: (( پەندی پێشینان لە ڕستەی کورت و ئاسان پێکهاتووە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی بەسەر زمان دێن و برگە و وشەکانی جۆرە موسیقایەکی تایبەتییان تێدایە))( عبدالواحید موشیر 2016 : 14)

هەروەها ئیدریس عەبدوڵلا لە پەرتوکی ئەدەبی میللی فۆلکلۆری کوردیدا بەم شێوەیە پێناسەی پەندی پێشینان دەکات: (ئەو گوتەیەیە، کە زۆر بڵاوبۆتەوە و لە هەموو لایەکەوە بووەتە باو ئەمەش، یان لە بەر ئەوەی بیرێکی فەلسەفی قووڵ بە خۆوە دەگرێت، یانیش لەبەر ئەوەی

گوزارشت لە بنەڕەتێکی ئەقیدەیی دەکات) (ئیدریس عەبدوڵلا : 2014 ).

پەندی پێشینیانی کورد:
بریتیە لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی پەتی، کە پێکەوە نووسێنراون، واتایەکی بەرزیان پەیدا کردووە. ئەو پەندانە هەر هەمان ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە، کە لە پەندی پێشینانی نەتەوە خاوەن مێژوو کۆنەکان بەدی دەکرێن و وەکو ئەو پێناسانەی سەروو خستمانەروو، بەڵام جیا لە وان لە ئەزموونی تاکی کوردیەوە سەرچاوەی گرتووە.

گرنگی پەندی پێشینان:
پەندەکان هەر یەکەیان وانەیەکی جوان بە دەستەوە دەدەن، کە سەیر دەکەین بە هەموو لایەنێکی ژیاندا شۆڕبوونەتەوەو لە هەموو بارێکدا پەندگێڕەوە مەبەستی وشیارکردنەوە و فێرکردنی بەرانبەریەتی، بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی جارێکی دی هەمان هەڵەی پێشوو دووبارە نەکاتەوە، یان ئەگەر ویستی کارێك بکات چۆن و لە کوێوە دەست پێبکات.
گرینگی ئەو پەندانە لەوەدایە، کە ئەو پەندانە هەریەکەو دوای ئەزموونێك دروست بووەو وەك باپیران خۆیان دەڵێن: (هەر ئەقڵەك لە خەسارەکی)..واتە: لە هەر زیانێك، لە هەر نووشستێك کە لە ئەنجامی گرتنەبەری کارێکدا لە بواری کۆمەڵایەتی, یان سیاسی, یان بازرگانی و...تاد, توشی مرۆڤ دەبێت، مرۆڤەکان ئەزموونێکیان لادروست بووە و زانیویانە دەبوو کارەکەیان بەوجۆرە نەکردبا و ئەگەر بیریان لە ئەنجامدانی کارێکی هاوشێوە کردەوە, ئەوا دەبێ کارەکە بە شێوە ڕاستەکە بکەن، بۆ ئەوەی هەمان هەڵەی جاری پێشوو ئەنجام نەدەن.

فۆرمەکانی پەندی پیشینان:
پەندی پێشینانی کورد بە چەند فۆرمێك خۆی پیشان دەدات، لەوانە کە بە زۆری هاتوون، ڕستەیەکی واتادارە، بەڵام شێوەی دیکەشی هەیە، ئەو شێوانە بریتین لە:
1- ڕستەیەکی سادەی واتادار
- کای کۆن بە با مەکە.
- هەر ئەقڵەك لە خەسارەکی.
- کوتك دەزانی قۆناغ لە کێیە.
- زمان بیەڵێ سەر سەلامەتە.
2- ڕستەی لێکدراو
- نەزان بە پێیەك و زانا بە دوو پێ تێدەکەوێت.
- ئەوەی نەییێ عەقڵ و دین، سەی تێ بەردە و هەرگیز مەیکە هاوڕێی ژین.
3- دێڕە شیعرێك
- ئازار بە ئازار دامەمرکێنە
(بشرِەنجێ دڵی کەس مەرەنجێنە)
- ئازایی باوان بە واریسی نابڕێ
(زۆر وەجاغزادە لە برسا ئەمرێ)
4-سێ دێڕە شیعر
- ئەگەر بی بە پۆڵا
دونیا بدەی بە کۆڵا
ئەبێ برزی لە خۆڵا
تایبەتمەندییەکانی پەندی پێشینان:
1- شێوازی دروستبوونی ڕستەکانیان شێوازی ئاخاوتنی ئاساییە.
2- چەمکی بەهێز پێشکەش دەکەن.
3- بە هەموو بوارەکانی ژیان شۆڕبوونەتەوە و هیچ بوارێك لە بوارەکانی، یان لایەنێ لە لایەنەکانی ژیان نەماوە، کە پەندێکی شیاو بەخۆیەوە نەبێت .
4- لە سەر زاری هەموو خەڵکانن، واتە : خۆیان بەر لە ناوی خاوانەکانیان بڵاوبوونەتەوە، بۆیە خاوەنیان ونە و میللەت هەمووی خاوەنیەتی.
5- هەر بە هۆی زۆر بڵاوییان لە هەر شوێنێك، یان هەر ئاخێوەرێك بە شێوەیەك پەندەکان بە کار دێنێت.
پەند لەڕووی واتاوە:
لەڕووی واتاوە پەندەکان بەسەر واتای ڕاستەوخۆ و واتای ناڕاستەوخۆدا دابەش دەبن.

أ- واتای ڕاستەوخۆ: پەندەکان وەکو ڕستەکانی زمان لەبەکارهێنانی زماندا خاوەنی لە یەك واتا زیاترن، چونکە کەرتە پێکهێنەرەکانی ڕستە واتا بە دەستەوە دەدەن و کۆی کەرتە پێکهێنەرەکانیش لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا واتای دیکە زیاد دەکەن، یاخود تەواوی واتاکە بە بارێکی دیکەدا دەبەن. واتای یەکەمی هەر رستەیەك واتایەکی ڕاستەوخۆیە، کە مەبەست لە واتای ڕاستەوخۆ بریتییە لە (واتای فەرهەنگی + واتای ڕێزمانی ڕستەکە ) (عبدالباقی اکرام احمد: 55:2012)، ئەم جۆرە واتایە لایەنێکی هەستپێکراو، کە دەوروبەری وشەکان دەگرێتەوە ئەمەش بەهۆی درکاندنەوە گوێمان لێدەبێت یان دەیخوێنینەوە. ( تالیب حوسێن عەلی :78:2014) ئەمەش لەگەڵ واتای ناڕاستەخۆ جیادەکرێتەوە بە بەستنەوەی بە دەوروبەرەوە.

ب- واتای ناڕاستەوخۆ: ئەو واتایەیە کە بەگوێرە بەکارهێنانی لە دەوروبەردا دروست دەبێت. ڕستە بەدەر لەکاریگەری دەوروبەر واتایەکی دیاریکراوی هەیە، پاشان بە بەکارهێنانی لە دەوروبەری جۆراوجۆردا گۆران بەسەر واتاکەی دێت. واتای مەبەستیش بریتییە لەو واتایەی کە لە ئاماژەی دووهەمی ڕستەکەوە سەرچاوە دەگرێ . بۆ نموونە :

- کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە . (خاڵ 295:2014)

  کاسەی پڕ = بە (قاپی پڕ) واتای ڕاستەوخۆ

  کاسەی پڕ = بەرزی ئاستی دارایی ( واتای ناڕاستەخۆ)

هەرچی سەبارەت بە پەندەکانە، بەشێوەیەکی گشتی پەندەکان واتای ناڕاستەوخۆیان هەیە، چونکە لە بەکارهێنانە جیاجیاکاندا وشەکان ئاماژە بە واتای فەرهەنگی و هۆشەکی خۆیان ناکەن بەڵکو دەبنە خوازە بۆ وشەو کەرستەیەکی تر (عبدالباقی اکرام احمد : 57:2012،56)

- برا لە پشت برا بێت مەگەر بەڵا لەلای خودا بێ . (خاڵ 96:2014)

ئاخێوەر لەم پەندە مەبەستی ناڕاستەخۆی هەیە کە باسکردنە لە تەبایی و یەکگرتن .

پەند لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:

1- هەواڵدان : ئەو پەندانە لە شێوەی هەواڵدانن، کە نێرەر بە هۆیەوە زانیاری دەگوازێتەوە بۆ گوێگر، ڕاستی و دروستی هەواڵەکەش بەستراوەتەوە بە جیاوازی دەوروبەری گوتنەکەوە.

-گیا لەسەر بنجی خۆی شین ئەبێت . (سەرچاوەی پێشوو: 341:2014)

واتا هەمووکەسێك دەچێتەوە سەربنەچەی باوانی، بەڵام ئەم ڕاستیە لای گوێگر دەگۆڕێت، لەوەیە گوێگر کەسێك بناسێت کە ڕەفتار و کرداری زۆر جیاواز بێت لە بنەچەی باوانی .

-پرسیار : ئەوپەندانەی لە شێوەی پرسیاردان. مەبەستی پەند بێژ هەوڵدانە بۆ دەستکەوتنی زانیاری بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە لە مێشکی ئاخێوەردا هەیە نەمێنێ. لەڕستەی پرسیاریشدا، یان بەهۆی هێزەوە وە یان بە جێناوی پرس دەردەبڕێت.

- تۆ کاڵەك خۆری یان بیستان ڕن ؟ ( سەرچاوەی پێشوو: 140:2014)
- میوان نان دەخۆی ؟ (سەرچاوەی پێشوو :396:2014 )

ئەم پەندە بەشێوەی پرسیار ئاراستەکراوە، بەڵام ئەم پرسیارە لە کۆمەڵگەی کوردی زۆر نەنگە ئەگەر ئاراستەی میوان بکرێ، بۆیە لەڕووی تەوسەوە کراوە بە پەند .( عبدالباقی اکرام:2012:54).

2- سەرسوڕمان: هەندێ لە پەندە کوردییەکان بە شێوەی سەرسوڕمان دەربڕاون. هەندێکیان بە مەبەستی باوەڕکردن و نەکردن و گاڵتەپێکردن بەکاردێن، وەکو: - پلکە شەمام هەمموو ڕۆژێ حەمام.( خاڵ 118:2014)

ئەم پەندە لە شێوەی سەرسوڕمان بەو ئافرەتانە دەوترێت، کە زیاتر خەریکی خۆشوشتن و خۆگۆڕینن، لێرەدا ئەم پەندە زیارتر بەمەبەستی گاڵتە پێکردن بەکار دێت.

3-فەرماندان : ئەو پەندانەی لەشێوەی فەرماندانن بەشێوەیەکی ئاشکراو ئەرێنی داوای کردنی کارێك دەکەن، یان لە شێوەی نەرێنی داوای نەکردنی کارێك دەکەن .

- دار هەڵبگرە سەگی دز دیارە. ( سەرچاوەی پێشوو : 182:2014) واتە مرۆڤی ناپاك و ترسنۆك لەڕێی کوتەك و ئازارەوە زوو دەردەکەون .
- لەئاوی خوڕ مەترسە لە ئاوی مەنگ بترسە. ( سەرچاوەی پێشوو : 344:2014)

ئەم پەندەش کە بەشێوەی فەرماندانە لە دووبەش پێکهاتووە کە لە بەشی یەکەم فەرماندانە بە شێوەی نەرێ، کە ئامۆژگاری دەگرێتەوە، وە لە بەشی دووەمی پەندەکە فەرماندانە لە شێوەی ئەرێ، کە ئەمەشیان هەر ئامۆژگاری دەگرێتەوە.

**نیشانە پراگماتییەکان و شیکردنەوەیان لە پەندی کوردیدا**

نیشانە کەسییەکان:

ڕاناوە کەسیەکانی ئاخێوەر و گوێگر و ئامادەنەبووەکان دەگرێتەوە، کە لە دەوروبەرە زمانییەکەدا ئاماژە بۆ کەس و بەشداربووانی ئاخاوتن دەکەن وەك: من، تۆ، ئەو ... هتد، بە تاك و کۆوە. شێوەی گەڕانەوەی ڕاناوەکان بەتەنها بەس نییە، بەڵکو دەبێت گەڕاندنەوەی ئەم ڕاناوانەش ڕاست بن، بۆ نموونە ئافرەتێك بڵێت: من دایکی ناپلیۆنم، دەبێت ڕاستی گەڕانەوەکە بسەلمێنێت. (عبدولواحید موشیردزەیی: 2014: 161). ئەو نیشانکارانە ئاماژە دەدەنە ئاخێوەرانی زمان لەناو پرۆسەی ئاخاوتندا، ئەو نیشانکارانە بەهۆی دەوروبەرەوە هەرجارەو بۆ کەسێك یان شتێك دەگەڕێنەوە یان بەهۆی (کەس، شوێن، کات)ی ئاخاوتن واتایان دەگۆڕێت و بەبێ دەوروبەر واتایان ئاشکرا نابێت. (هۆگر محمود فەرەج:2000 :7). ئەو نیشانکارانەش بریتیین لە ( جێناو، ناوی کەسی، جێناوی نیشانە).

1- **جێناو** :

أ- جێناوی سەربەخۆ:(من، ئێمە، تۆ، ئێوە، ئەو، ئەوان) فلان، کێ..

وەك: ئەو بە یەکەم دەرچوو.

لەم ڕستەیەدا ئەو بە پێی دەوروبەر ئاشکرا دەبێت کە کێیە، ئەگەر ئازاد بە یەکەم دەرچووبێت ئەوا ئەو دەبێتە ئازاد . بەڵام ئەگەر ڕزگار بەیەکەم دەچووبێت ئەوا ئەو دەبێتە ڕزگار .

- ئاخێوەری یەکەم:
- ئاخێوەری دووەم : بێ ئەو پەنجە ناکا بە ئاوا ( خاڵ :2014: 110 )

لەم پەندەدا (ئەو) کە جێناوی کەسی سەربەخۆیە، بێ ئاگاداربوون لە دەوروبەری گوتنەکە نازانرێت کێیە؟ دەبێت گوێگر یان کەسی خوێنەر ئاگاداری ئەو دەوروبەرە بێت، کە ئاخێوەر پەندەکەی تیادا گوتووە، کەواتە ( ئەو ) نیشانەی پراگماتیکییە، چونکە نە سیمانتیك و نەڕێزمان نەیانتوانی واتای (ئەو ) بدەن بە دەستەوە.

- ئاخێوەری یەکەم:
- ئاخێوەری دووەم: من دەڵێم نێرە ئەو دەڵێت بیدۆشە. ( سەرچاوەی پێشوو: 2014: 390)

لەم پەندەدا جێناوەکانی ( من ، ئەو ) بەکارهاتووە، کە واتاکانییان بە بێ دەوروبەر ڕوون نابێتەوە، بۆیە دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە ئەم پەندە کێ و بۆ چ مەبەستێك و لە چ بۆنەیەك و لە چ کات و شوێنێکدا گوتراوە، کەواتە ماناکانییان بەستراوەتەوە بە دەوروبەر، بێ زانینی دەوروبەر واتاکەی لێڵ و ناڕوون دەبێت .

- ئەو سوار و من پیادە .        (سەرچاوەی پێشوو: 2014: 52)
- کردەی ئێمە و بردەی خەڵقە . (سەرچاوەی پێشوو: 2014: 315)
- من بۆ تۆمە تۆ بۆ کێتە؟        (سەرچاوەی پێشوو: 2014: 391)

لەم پەندانەشدا هەموو جێناوەکان دەبنە نیشانەی پراگماتیکی، چونکە هەموویان لە دەوروبەری گوتندا ڕوون دەبنەوە، کە مەبەست لە کێیە.

ب- جێناوی لکاو : وەك ( م ، ی . ین ، ن ، ....) وەك:

- تۆ هاتی.

نیشانەی پراگماتیکی کەسی ( ی ) لەم نموونەیە دەگەڕێتەوە بۆ جێناوی سەربەخۆی تۆ، کە کەسی دووەمی تاکە و دەکرێ بە پێی دەوروبەر واتای بگۆڕێت. واتە دەکرێ ئازاد هاتبێت، یان ڕزگار هاتبێت.

جێناوە لکاوەکانیش وەکو جێناوە سەربەخۆکان لە هەندێ گوتندا بێ ئاگاداربوون لە دەوروبەر نازانرێت کێ یە یان چییە ؟ بۆیە وەکو نیشانەی پراگماتیکی بەکار دێن.

- ئاخێوەری یەکەم:
- ئاخێوەری دووەم: ئەگەر تۆ نەبیت بە یارم خوا ئەسازێنێت کارم. (سەرچاوەی پێشوو: 2014: 28)

لەم پەندەدا جێناوی سەربەخۆی (تۆ) جێناوی لکاوی ( یت ، م ، ێت ) هاتووە ، هەموو جێناوەکان چ سەربەخۆ یان لکاو واتاکانییان لە دەوروبەردا ڕوون دەبێتەوە.

ناوی کەسی :بەهۆی دەوروبەر و زانیاری هاوبەش لەنێوان ئاخێوەرانی زماندا ناوی تایبەت دەبێتە نیشانەی پراگماتیکی کەسی، کەواتە پێویستە دەوروبەر لەبەرچاو بگیرێت، چونکە ئێمە ناتوانین لە ڕێگای ئاستی ڕێزمانیی و پەیوەندی لە نێوان کەرەستەکانی ڕستەدا واتای ئەو نیشانکارانە بگەیەنن .    نمونە : ئازاد نانی هێنا .

لەوڕستەیەدا بۆ ئەوەی بزانرێت ئازاد کێیە ؟ دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەوروبەر و هاوبەشانی ئاخاوتن چونکە چەندین کوڕی دیکە هەن، کە ناویان ئازادە.

بۆ ناوی کەسی نموونەی پەندمان لەبەر دەست نییە چونکە هەر ناوێك هاتبێت لە پەند وەکو نیشانەی کۆمەڵایەتی بەکار هاتووە نەك ناوی کەسی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە پەندەکان  واتاکانییان گشتیین نەك واتای تایبەتی. .

2- جێناوی ئاماژە : ( ئەم ..ە ، ئەو .... ە  ، ئەوا...نە ، ئەم ... انە)

ئەو نانە نانە ئەوڕۆ لە خوانە . ( خاڵ :2014: 53 )

ئەوكەسە کەسە ئەلفێکی بەسە .
لەم پەندانەدا جێناوی ئاماژە (ئەو-هـ ) نیشانەی پراگماتیکین، چونکە نازانرێت مەبەستی لە چییە؟ واتا ئەوەی ئاماژەی بۆکراوە لەبەرانبەردا بوونی نییە، بۆیە لە توانای سیمانتیك و پەیوەندیی ڕێزمانیدا نییە، کە واتاکانییان دیارو ڕوون بکاتەوە، تەنیا بەگەڕانەوە بۆ دەوروبەری نازمانی واتاکانییان ئاشکرا دەبن.
- ئاخێوەری یەکەم:
- ئاخێوەری دووەم: ئەو جێیە خۆشە کە دڵ پێی خۆشە. ( خاڵ: 2014 :200)
بەڵام لەم پەندە جێناوەکان هیچ لێلییەك لە واتاکانییان نییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە دەوروبەری زمانی واتاکانییان ڕوونبۆتەوە، گوێگر و خوێنەر بە ئاسانی دەزانن کە کوێ مەبەستە لە جێناوە بەکارهاتووەکاندا. واتا بێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەری نازمانی واتا ئاشکرابووە.
- ئاخێوەری یەکەم:
- ئاخێوەری دووەم: ئەوکەسەی ماڵی لە شوشەیە با بەرد لە ماڵی کەس نەگرێت. (سەرچاوەی پێشوو:53:2014)
لەم پەندەدا جێناوی ئاماژەیی (ئەوکەسەی ) بەشێوەیەکی گشتی بەکارهاتووە، هەموو ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە مەرجی پارستە و وەسفەکەی تێدا بێت .(ماڵی لە شوشە بێت )

نیشانەی شوێن:
نیشانەی شوێن هەر تەنیا گرنگییەکی تایبەتی نییە بە ئاخاوتنی ڕۆژانەوە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە مرۆڤەوە، شوێن کاریگەرییەکی گرنگی بە ئاخاوتنی مرۆڤەوە هەیە و لەڕووی دەروونیشەوە کاریگەری بەسەر ئاخاوتنەوە هەیە (قادر:2006: 26) . ئەو نیشانکارانە دەگرێتەوە کە ئاماژە بە شوێنێك دەدەن، کە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو نیشانکارانە پشت بە زانینی شوێنی ئاخێوەر دەبەستێت لە کاتی ئاخاوتن، یان پشت دەبەستێت بە زانینی گوێگر بۆ ئەو شوێنەی کە ئاخێوەر باسی لێدەکات. ( شێرزاد صبری علی: 2014: 174) . نیشانکارەکان ( لێرە، لەوێ، لە ماڵەوە، لەوشوێنە ..) ناتوانین نیشانەی شوێن دیاریبکەین بێ دیاریکردنی شوێنە سەرەکییەکە، لەبەر ئەوەی ئەو نیشانانە گشتین، بۆنموونە (من دەمەوێ لێرە، لەم جێیە، کاربکەم) ئەم جێیە کوێیە، دەبێ ئاماژە بە کۆمپانییایەك، باڵەخانەیەك، شارێك وڵاتێك، بکات، لەبەر ئەمە ئەم ڕستەیە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، کەواتە بەبێ ئاگاداربوون لە دەوربەری ئاخاوتنەکە، واتای ئەم رستەیە ڕون نابێتەوە(ملعین وعمار:2016 :37)
لە ئاخاوتندا چوار جۆر شوێنی بنچینەیی هەیە بۆ جیاکردنەوەو ناسینەوەی نیشانەی شوێن کە ڕۆڵی بەشداربوان دەستنیشان دەکات .
یەکەم : شوێنی نزیك لە ئاخێوەر : نموونە : لەماڵەکەی خۆم دانیشتم .
دووەم : شوێنی نزیك لە گوێگر . نموونە : هەستە بڕۆ بۆ بازاڕ.
سێیەم : شوێنی نزیك لە جەماوەر : نموونە : هاوڵاتیان دەتوانن بچنە سەر سندوقی دەنگدان .
چوارەم : شوێنی نزیك لە کەسێ کە نە ئاخێوەرە نە گوێگرە نە جەماوەرە : نموونە: پێی بڵێ بابڕوات بۆ ماڵی خۆیان .( عبدالواحید موشیر:2011 : 104 )
- ئازاد لەوێ دەژی .
لەوێ نیشانەی پراگماتیکی شوێنییە دەکرێت چەند شوێنێك بگرێتەوە بۆ نموونە : بەغدا، دهۆك، هەڵەبجە..، کە بەبێ ناسینی دەوروبەر ناتوانرێت واتاکەی دیاریبکرێت، کە مەبەست لەوێ چ شوێنێکە؟
<u>دەست نیشانکردنی شوێن :</u>
1- <u>ناوی شوێن</u> : ناوی شوێن ئەو بەشە ئاخاوتنەیە، کە چەمکی شوێن دەگەیەنێت، وەکو: ( شار ، مال ، مزگەوت ، هەولێر ، زانکۆ .......) ، هەرکاتێك زانینی ناوی شوێن بەستراوەتەوە بە دەوروبەر ئەوا وەکو نیشانەیەکی پراگماتیکی هەژمار دەکرێت .
- ئاخێوەری یەکەم :
- ئاخێوەری دووەم: بە پرسیار بەغدا ئەدۆزرێتەوە . ( خاڵ : 74:2014)
لەم پەندەدا، ناوی بەغدا هاتووە، کە ناوی ( شوێن )ە و شارێکە لە عێراق و پایتەختەکەیەتی، گوێگر بەبێ گەڕانەوە بۆ زانیاری کەسی نازانێت مەبەست لەبەغدا چییە و کوێیە؟
- ئاخێوەری یەکەم :
- ئاخێوەری دووەم: بەخترەشی کە هات چ لە کوێستان چ لە گەرمیان. ( سەرچاوەی پێشو: 87:2014)
لەم پەندەدا هەردوو وشەی کوێستان و گەرمیان وەکو دوو ئاماژەن بۆ شوێن کە یەکیان بە شوێنێکی خۆش دادەنرێت ئەوی تریان بە شوێنێکی ناخۆش هەژماردەکرێت ئەمەش تەنیا بە گەڕانەوە بۆ دووەوروبەر ڕووندەبێتەوە .
- ئاخێوەری یەکەم:
- ئاخێوەری دووەم : تۆ نا مزگەوت ( سەرچاوەی پێشوو : 141:2014).
لەم پەندە شوێن بە شێوەیەکی پراگماتیکی هاتووە کە کەسی پەندبێژ میوانە خانەخوێیەکەی لێی لالوت دەبێت، ئەویش لەبەرانبەر ئەم پەندە دەڵێت: کە مەبەستی ئەوەی ماڵی تۆش نەبێت مزگەوت هەیە. لێرە (ماڵ) کە ناوی شوێنە نیشانەیەکی پراگماتیکییە. واتا بەهۆی دەوروبەری نازمانییەوە ڕووندەبێتەوە .

2-ئاوەڵکاری شوێن :  بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت کە شوێنی ڕوودانی کارەکە دەستنیشان دەکەن، ئاوەڵکارە شوێنییەکان لە زمانی کوردیدا بریتین لە :( سەر، ژێر، ڕاست، چەپ، لەسەرەوە، لە خوارەوە، لە ژێرەوە، لا.......) (شەهاب شێخ طیب:265:2024 )، ئەورەحمانی حاجی مارف ئاماژە بەوە دەکا ئاوەڵکردارەکان لەڕووی واتاوە دوو جۆرن و ناوی ناون ئاوەڵکاری دیاریکار و ئاوەڵکاری بارودۆخ (ئەورەحمانی حاجی مارف:ئاوەڵکردار لە ڕووی واتاوە: 96)، هەرچی ئاوەڵکاری بارودۆخە کە ئاوەڵکاری کاتی وشوێنی دەگرنەوە و ئاماژەن بۆ کات و شوێن، دەوروبەری ئاخاوتن لەڕووی کات و شوێنەوە ڕوون دەکەنەوە، ئەمانە لە پراگماتیکدا پێیان دەوترێ نیشانەی شوێن و نیشانەی کات.
ئەمانە بەکارهێنانی ئاسایی و پڕاگماتیکییان هەیە.
- ئاخێوەری یەکەم : ..........................
- ئاخێوەری دووەم لە سەرەوە شۆخ و لە ژێرەوە پەڕۆ.  ( خاڵ : 355:2014)
ئاوەڵکارەکانی( لەسەرەوە )و( لە ژێرەوە) بە هۆی دەوروبەرە زمانیەکەوە دیاردەکەوێت، کە مەبەست لێ چ شوێنێکە؟ ئەوەش کاتێك دەزانرێت کە گوێگر ئاگاداری هۆکاری گوتنی پەندەکە و دەوروبەری گوتنەکە بێت. چونکە بەپێی دەوروبەری جیاواز دەکرێت شوێنی جیاواز نیشان بدەن.
- ئاخێوەری یەکەم :...
- ئاخێوەری دووەم : مریشك تەنگاو بێت، هێلکە لەسەر بەردیش دەکات. (سەرچاوەی پێشوو: 387:2014)
وشەی(لەسەر بەرد) ئاوەڵکاریی شوێنیە نیشانەیە بۆ شوێنێکی ڕەق و ناخۆش.
2-نیشانەی هێمایی شوێن:  ئەو شوێنانەن کە هێمان بۆ شوێنی ڕوودانی کار، یان بوونی کەس یان شت، ئەم هێمایایانەش دەستنیشانییان دەکەن. لەوانەش(لەوێ، لێرە، ئێرە، ..... )(هۆگر مەحموود فەرەج: 2000: 76)
- ئاخێوەری یەکەم:.......
- ئاخێوەری دووەم: ئەمرۆ ئێرە دیوەخانە سبەینێ هێلانەی مشکانە. ( خاڵ :51:2014 )
لەم پەندە ئاوەڵکاری (ئێرە) وەك نیشانە هێماییەکانی شوێن هاتووە ، بەبێ ئاگاداربوون لە شوێنی ئاخێوەر و نازانرێت کە کوێیە ؟ کە دەکرێت بە گوێرەی دەوروبەری جیاواز واتای شوێنی جیاواز بدات، بۆ نموونە دەکرێت شوێنی مەبەست شوێنێکی فەرمانڕەوایی بێت یان شوێنێکی کۆمەڵایەتی .. هەمووی ئەمانە بە زانینی دەوروبەرەکە، ڕوون دەبێتەوە .
- ئاخێوەری یەکەم:..........
- با لە کوێوە بێت ئەو لەوێوە شەن ئەکا ( سەرچاوەی پێشوو: 68:2014 )
لەم پەندە ( لەوێ ) وەکو نیشانە هێماییەکانی شوێن هاتووە، بەڵام شوێنەکەی بە  (لەوێ ) هەموو شوێنێك دەگرێتەوە کە بای لێبێت، واتا بە هۆی دەوروبەری زمانی شوێنەکە ڕوونە لای گوێگر یان خوێنەر، نیشانکارەکانی شوێن بە زۆری لەڕێگەی ئامرازەکانی نیشانەکردن و ئاوەڵکاری شوێنییەوە بەڕێوە دەچن.
3-ئامرازەکانی نیشانە :ئامرازە نیشانەییەکان کە بریتین لە (ئەم - هـ، ئەو- هـ، ئەمان- هـ، ئەوان- هـ )پۆلین کراون  بۆ سەر دوو دەستە، ئەمەش لەسەر بنەمای دووری و نزیکی و تاك و کۆ دەبێت، کە ( ئەمە و ئەمان ) بۆ نزیکی و ( ئەوە و ئەوانە بۆ دووری )
- ئاخێوەری یەکەم :...
- ئاخێوەری دووەم : ئەم سایە هی ئەو سایە .
- ئاخێوەری یەکەم :...
- ئاخێوەری دووەم : ئەم سەر ئەکا ئەو سەر ئەکا .
لەم پەندانە هەردوو ئامرازی ئاماژە (ئەم و ئەو) هاتوون کە بە هۆیەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە شوێن لە بەشی یەکەمی ڕستەکە ئاماژەیە بۆ نزیکی لە ئاخێوەر، بەڵام شوێن لە بەشی دووەمی ڕستەکەدا ئاماژەیە بۆ دووری لە ئاخێوەر، ئەمەش لەڕێگای ئامرازەکانی نیشانەوە ڕوون بووەتەوە.
- ئاخێوەری یەکەم :...
- ئاخێوەری دووەم : ئەم نانە بەو ڕۆنە  . ( خاڵ : 49:2014)
لەم پەندەشدا ئەوە لای گوێگر یان خوێنەر ڕوون دەبێتەوە، کە ئاخێوەر ئاماژە بۆدوو شت دەکات، کە یەکێکیان نزیکەو ئامرازی ( ئەم )ی بۆ بەکارهێناوە، ئەوەی تریشیان دوورە ئامرازی (ئەو) ی بۆ بەکارهێناوە .

نیشانەی کات:
ئەو نیشانکارانەن کە کاتی قسە یان وتن لە بارێکدا دیاری دەکەن(محەمەد مەعروف فتاح: 2011:202). واتە ئاماژە بۆ کاتێك لە دەرەوەی زمان لەڕوانگەی ئاخاوتندا دەکەن، واتە تا کاتی ئاخاوتن نەزانرێت ئاماژەکە نادۆزرێتەوە.
هەرچەندە چەمکی کات هەندێك ئاڵۆزە، لەمبارەوە (khan:1984:8 ) پێیوایە کات نابەرجەستە و دەستلێنەدراوە، بەڵام لەڕێگای جوڵەو گۆڕانکارییەکانەوە مرۆڤ هەستی پێدەکات و کاتەکان لێك جیادەکاتەوە ئاماژە بەوەش دەکات کات بریتییە لە جوڵەو هێز ئەم هێزەیە کە دەبێتە ڕێڕەوێك بۆ ئاڕاستەکردنی کات، کات بۆ دیاریکردنی ڕووداوەکان لە ڕابردوو و ئێستاو داهاتوودا بەکاردەهێنرێت کە هەست بە تێپەڕبوونی کات دەکەین لە ئێستادا، ئەم تێپەڕبوونەیە بەهۆی جوڵەو هێزەوە کاتی ڕابردوو و داهاتوو دیاریدەکەن،  لە هەر وتنێکیشدا دەشێ

دوو جۆرە کات هەبێت:
أ- کاتی ڕوودانی کاری گوتن.
ب- کاتی گوتنەکە خۆی.
- وا دێم . (کاتی قسە و ڕوودان ئێستایە)
- بەیانی دێم . (کاتی گوتن ئێستایە ، کاتی ڕوودان داهاتووە.)
- خواردوومە. (ڕوودان پێشترە، کاتی گوتن ئێستایە)
زۆرجاریش ئەم دوو کاتە دەبن بە یەك بۆ نموونە : لەکردەقسەییەکاندا دەوترێت :( سوێند دەخۆم ) کاتی وتن و ڕوودان یەکن ئێستایە.
دووجۆر کات پێویستە لێك جیابکرێتەوە .
**ا-کاتی زمانی :** ئەم زاراوەیە بەرانبەر بە وشەی(تێنس) ی ئینگلیزی دەوەستێ، و زاراوەیەکی ڕێزمانییە ئەرکی ئەوەیە کاتی زمانی لەگەڵ کاتی فیزیکی ڕێکبخات، واتە ئەو کاتەی کە تێنس دەیگەیەنێت بەرانبەر بە کاتە فیزیکییەکە(رەئوف: 2008: 7) ، کەواتە کاتی ناو کردار دەگرێتەوە، کە ڕەگەزێکی بنچینەیی دارشتنی کردارە، کەبریتین لە ( ا،و،ی،د،ت) بۆ کاتی ڕابردوو، هەروەها ( دە ) بۆ ڕانەبردوو(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2014: 228 ).
- ئاخێوەری یەکەم:.................
- ئاخێوەری دووەم: بەدەستی خۆی ئاگری بەرداوەتە گیانی خۆی (شیخ محمدی خاڵ:2014:89)
کاتی ڕوودان لەو پەندەدا ڕابردووە، ئەمەش لە سنوری کاری ناو پەندەکە دیاردەکەوێت. کە ئاخێوەر باس لەڕووداوێك دەکات، کە بووەتە هۆی ئازار بۆ کەسێ، ئەمەش لە ڕابردوودا ڕویداوە.
ب-کاتی نازمانی: لە شێوەی ئەدڤێربڵدا دەردەکەون .وەك : ( بەهار ، شەو ، هاوین ، ئیستا ، دوێنێ ، هەفتەی داهاتوو.......( پ.ی.د بەکر عومەر عەلی – د.ئازاد ئەحمەد حسەین،54:2013)
کاتی نازمانی بەرانبەر بە وشەی( تایم)ئینگلیزییە، کە بەواتای کاتە فیزیکییە سروشتییەکە دێت، ئەم کاتەیە کە پەیوەندی بە واقیع و جوڵەو هێزەکەوە هەیە، کە دەمکاتەکان دروست دەکەن، بوونێکی ڕاستەقینەی نابەرجەستەی هەیە، کاتێکی گشتی نازمانییە، ئەمەش لە فیزیادا بە دووری چوارەمی شتەکان دادەنرێ، هەر ئەمکاتەشە لە زماندا بەکەرستەی زمانی گوزارشتییان لێدەکەین (سمیه علی محمود: 2023 : ؟)
بە بڕوای (د. منذر) (کاتی سێیەمیش هەیە کە کاتی دەوروبەری ئاخاوتنەکە دیاردەکەوێت. واتا لە دەوروبەرە نازمانیەکە بۆ زمان زیاد دەکرێت)( هۆگر محمود فەرەج : 2000 : 93).
- لە 3/5/ ڕاپەڕین دژی بەعس ئەنجامدرا.
لەم رستەیەدا کات هەیە لە سنوری مانگدا ڕۆژێکیش دیاریکراوە، لە سنوری ساڵیشدا مانگێکی دیاریکردوە، ئەمەش بەکارهێنانی نیشانەی پراگماتیکییانەی زمانە، چونکە بۆ کەسێك شارەزا نەبێت لە مێژووی کورد بە بێ دەوروبەر ناتوانێت کاتی ساڵەکە دیاربکات.
دۆزینەوەی نیشانەی کات:
کردارەکانی زمانی کوردی کە کات و کەسیان هەیە و بەپێی دەمکاتەکان مۆرفیمەکان دەگۆڕێن، بۆ کاتی رابردوو مۆرفێمەکانی(ا-و-ی-ت-ت) ڕۆڵ دەبینن" بۆدەمکاتی رانەبردووش کاتی ئێستا (ە) و کاتی داهاتوو (ێ) ڕۆڵ دەبینن، هەموو کردارێکیش لەزمانی کوردیدا مۆرفێمی کاتی تێدایە بۆ دەستنیشانکردنی کات(عەبدوڵلا حوسێن رەسول: 2015:96-116 )، بێگومان هیچ کردارێکی فیزیکی بێ کات نابێ بەهەمان شێوەش هیچ کردار و رستەیەك بێ کات نابێ، چونکە تێنس پێویستییەکی حەتمییە بۆ ڕوودانی کار، هەر بۆیە کار بێ تێنس بوونی نییە (بەهزاد موحسین رەئوف: 2008: 14)،جگە لە مۆرفێمەکان، هەندێ وشە هەن کە کات نیشان دەدەن و هەریەکەیان بۆ دەمکاتێکی دیاریکراو سوودیان لێوەردەگیرێت و لە بەکارهێنانیاندا واتا دەبەخشن (محەمەد عبدالفتاح مەحوی: 2013: 233).
- ئاخێوەری یەکەم : ................
- ئاخێوەری دووەم : بزنە گەڕ، لە دۆی ماڵانی کردین. (خاڵ:2014:99 )
کات لەم پەندە لە سنوری کاری ڕستەکەدا دەدۆزرێتەوە، کە کاتی ڕابردووە . کە کاری ڕستەکە کارێکی ڕابردووە ، ئەو پەندە کاتێك لە ئاخاوتندا دێت، کە کارێك یان ڕووداوێك لە ڕابردوودا ڕووی دابێت ، کە بووەتە هۆی نیگەرانی و نارەحەتی بۆ کەسانێك.
- خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە. (سەرچاوەی پێشوو : 2014-172).
بەڵام کات لەم پەندە (tense) نیشان نادات، چونکە بۆ هەموو کاتێکە، واتە چ لە ئێستا و چ لە ڕابردوو و، یان ئایندهدا خودا هەر گەورترە لە سوڵتان مەحمود.
**ا-**بەکارهێنانی وشەکانی کات( ئاوەڵکردارەکانی کات):وشەکانی کات لە هەر زمانێکدا بریتیین لە کۆمەڵە وشەیەك کە کات دەگەیەنن بە پێی میکانزمی پێڕەوەوە ڕێزمانییەکان( محەمەد عبدالفتاح مەحوی:2013: 234 ).
بۆنموونە وشەکانی
(ئەمرۆ، ئەمشەو، ئەمساڵ..)
پێشتر، دوێنێ، حەفتەی ڕابردوو) بۆ رابردوو
(ئێستا، ئەمرۆ، ئەمشەو) بۆ کاتی ئاخاوتن
(بەیانی، هەفتەی ئایندە )بۆ داهاتوو

هەندێ فۆرمی تری کلتوری ئیسلام(بەربانگ، پاشیو، ڕەمەزان)
د.ئەورەحمانی حاجی مارف دەڵێت : ئاوەڵکرداری کات پەنجە بۆ بەجێهێنانی کارێك ڕادەکێشێ و وەڵامی پرسیاری ( کەی؟ ، کەنگی؟ ، کەنگێن؟ . کەنگینێ؟ ، کەنگی؟)، ( لە کەیەوە؟) ، (چ کاتێ،چ وەختێ؟، چ چاخێ؟)دەداتەوە(ئەورەحمانی حاجی مارف : 25:2014).
- ئاخێوەری یەکەم: ...............
- ئاخێوەری دووەم : تاریکی مانگ سەر لە ئێوارە دیارە. ( شیخ محمدی خاڵ:131:2014)
لەم پەندە ئێوارە وەکو ئاوەڵکرداری کات هاتووە، کە بە نیشانەی پراگماتیکی دادەنرێت چونکە بە پێی دەوروبەر ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئێوارە بە مانای کاتێکی زوو هاتووە . چونکە واتای پەندەکە وا لێکدەدرێتەوە کە ( هەرکارێك نەچێتە سەر لە زووەوە دیاردەبێت).
- ئاخێوەری یەکەم:...........
- ئاخێوەری دووەم: ئەمرۆ بە حازر سبەینێ بە قەرز .(سەرچاوەی پێشوو خاڵ:51:2014)
لەم پەندەش ئاوەڵکرداری (سبەینێ) وەکو نیشانەی پڕاگماتیکی هاتیە، چونکە تا کاتی ئاخاوتنی پەندەکە ناتوانرێت کاتەکە دیاربکرێت. گریمان ئەو پەندە بە دیواری دوکانێکدا هەڵواسراوە، کڕیارەکانی هەر ڕۆژێك بڕۆن بۆ دوکانەکە، سبەینێیەکە دیسان نوێ دەبێتەوە. بۆیە وەکو نیشانەیەکی پڕاگماتیکی هەژماردەکرێت.
- ئاخێوەری یەکەم : ........
- ئاخێوەری دووەم: ئێوارە وەختە چرین بە جەختە . .(شیخ محمدی خاڵ:66:2014)
لەم پەندەشدا ئێوارە وەکو نیشانەی پراگماتیکی هاتووە، کە مەبەست لێی درەنگ کەوتنە نەك کاتی ئێوارە ئەمەش لە ڕێگەی دەوروبەرەوە دیاردەکەوێت.
- ئەمرۆ بۆ باران فەرەنجیم بەیێ
سبەینێ بۆ تۆ ئەبێ بە بەیێ
ئەوسا نەتدامێ کەوتیە نکەنك
بۆچیمە لەدوای باران کەپەنك (مەهدی فاتیح عومەر : 327:2019 )
لەم پەندەدا کە لەسەر شێوەی شیعر پیرەمێرد دایڕشتووە، ئاوەڵکارەکانی( ئەمرۆ، سبەینێ ) هاتووە، کە دەبنە نیشانەی کات لەبەرئەوەی بەواتای فەرهەنگی بەکار نەهاتوون بەڵکو وشەی(ئەمرۆ) بەمانای ئێستا هاتووە، هەرچی وشەی (سبەینێ)یە بەمانای داهاتوو هاتووە. ئەمەش بەهۆی دەوروبەرەوە ڕوونبوەتەوە .
- ئاخێوەری یەکەم :....
- ئاخێوەری دووەم : ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار.(سەرچاوەی پێشوو: 239:2014)
هەردوو وشەی (ساڵ) و ( پار ) وەکو دوو نیشانەی کات هاتوون، چونکە ساڵ بەمانی کاتی ئێستا دەگەیەنێت و پار بە مانی ڕابردوو دەگەیەنێت .ئەمەش هەمووی لە دەوروبەری نازمانی واتاکانیان دیاردەکەوێت

نیشانەی پراگماتیکی کۆمەڵایەتی :
(ماثوەیس )پێیوایە لە نیشانەی پراگماتیکی کۆمەڵایەتیدا پلەوپایەی ئاخێوەر، یان دۆخی کۆمەڵایەتی ڕەنگدەداتەوە، پەیوەندی لە نێوان ئاخێوەر و گوێگر و هەر کەسێکی تر دیاری دەکات، ڕونیدەکاتەوە ئەو پەیوەندییە خزمایەتییە یان فەرمی (شێرزاد سەبری علی 214:176)
نیشانەی پراگماتیکی کۆمەڵایەتی بریتیین لە: ( مام، خاڵ، مامۆستا، دکتۆر، بەرێز، ئێوە و جەنابتان ، ...تد)
نیشانە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی کلتورو کۆمەڵگە دەگۆڕێت، واتە چەندیەتی و چۆنیەتی ئەو نیشانانە بەندە بە کەلتور ، هەروەها لە هەر کەلتورێکیش بەندە بە دوو هۆکار :
1- پەیوەندی کۆمەڵایەتی، واتە نزیکی و دووری پەیوەندی خزمایەتی نێوان ئەو کەسانەی بەشدارن لە ئاخاوتن یا قسەیان لەسەر دەکرێت.
2- چەشن و جۆری بابەتی ئاخاوتنەکە، نیشانەی کۆمەڵایەتییەکان وەك نیشانەی زمانی حەقیقەتی کۆمەڵایەتی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتن ڕووندەکاتەوە .
پەندەکان وەك هەر بەشێکی ئاخاوتن بەدەر نیین لە نیشانە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش بێ پەنابردنە بەر دەوروبەر ناتوانرێت واتای مەبەست دیاری بکرێت، چونکە پەندەکان گوتنی گشتین بۆ تەنیا بابەتێك دانەرێژراون .
- ئاخێوەری یەکەم:.............................
- ئاخێوەری دووەم: من ئاغا و تۆ ئاغا ئەی کێ جیگامان بۆ ڕاخا . (خاڵ: 390:2014)
لێرەدا ئاغا نیشانەیە بۆ هێز و دەستەڵات، کە بەگەڕانەوە بۆ دەوروبەر ڕووندەبێتەوە.

نیشانە کۆمەڵایەتییەکان: ناسنامەی ئاخێوەر دەردەخەن، کە ئەوانیش بریتیین لە:
ا-ناو : ناو وەك بەشێك لەبەشەکانی ئاخاوتن چەند جۆرێکی هەیە. لەوانە: ناوی کەسی، ناوی گیانداران، ناوی شت(بێگیان )...هتد .ئەمانە دەتوانین بەپێی دەوروبەر و کارامەیی کەسی و زانیاری دونیایی نێوان گوێگر و ئاخێوەر دیاری بکەین، کە ئەمانە بۆ کێ و بۆ چی دەگەڕێتەوە، بیگەیەنن. ئەمانەش دەشێن ، هەریەکەیان بەپێی دەوروبەر و چوارچێوەی باری دەربڕینیان ببنە نیشانەی کۆمەڵایەتی لە دواندندا نوێنەری

باری دەستەڵات و هاوکاری بن.( هۆگر مەحمود فەرەج : 151:200)
- ئاخێوەری یەکەم: ......
- بۆ حوسێن ناگری بۆ هەریسە ئەگری ( خاڵ : 107:2014)
لەم پەندە ناوی ( حوسێن ) کە لەبنەڕەتدا ناوی کەسێکە کە نەوەی پێغەمبەر (محەمەدە ) درودی خوای لێبێت. بۆتە نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ کەسانێکی ستەملێکراو (مەزڵوم)، واتا بەمانا فەرهەنگیەکەی نەهاتووە ، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەر ڕوونبوەتەوە، هەروەها وشەی (هەریسە) کە ناوی خواردنێکە، ئەویش دیسان بەمانی فەرهەنگیەکەی نەهاتووە بەڵکو نیشانەیە بۆ قازانج و دەستکەوت.
- ئاخێوەری یەکەم :.........
- ئاخێوەری دووەم : کەوتۆتە سەر ساجی عەلی .( سەرچاوەی پێشوو: 313:2014)
(ساجی عەلی ) نیشانەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ کەسێك کە لەڕووی داراییەوە مایەپوچ بێت، ئەم واتایەش لە ڕێگەی سینتاکس و ڕێکخستنی ڕێزمانی ڕوون نابێتەوە، تەنیا پراگماتیك پێمان دەڵێت کە ساجی عەلی واتای چی دەگەیەنێت، کە ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەری نازمانی دەبێت.
- ئاخێوەری یەکەم:............................
- ئاخێوەری دووەم: بە کەر ناوێرێ پڕەداتە کورتان . ( سەرچاوەی پێشوو : 84:2014 )
(کەر) واتای فەرهەنگییەکەی بریتییە لە ناوی ئاژەڵێك، بەڵام لەم پەندە بە سود وەرگرتن لە دەوروبەری نازمانی وشەی کەر وەکو نیشانەیەکی پراگماتیکی بەکارهاتووە بۆ هێز و توانا هاتووە.
- تۆبەی گورگ مەرگە . ( سەرچاوەی پێشوو : )
- شێر ئەگەر بتخوا پەنا بەلانەی ڕێوی مەبە.
- چەم بێ چەقەل نابێت.
- نان بدە بەسەگ مەدە بە سپڵە. (سەرچاوەی پێشوو : 99:2014)
لەم پەندانەی سەرەوەشدا ناوی ئاژەڵەکان وەکو نیشانەی کۆمەڵایەتی هاتوون و هیچیان بە مانای فەرهەنگیان بەکار نەهاتوون، (گورگ ) وەك نیشانەی خراپەکاری هاتووە ، (شێر) وەکو نیشانەی هێز هاتووە، ( ڕێوی ) وەکو نیشانەی فێڵ و تەڵەکەبازی هاتووە ، (چەقەل) وەك نیشانەی خراپەکار هاتووە، (سەگ) وەکو نیشانەی وەفا هاتووە، بێگومان ئەمانە هەمووی لە دەوروبەری نازمانیدا واتاکانییان ڕوون بوەتەوە، بۆیە وەکو نیشانەی کۆمەڵایەتی دێن.
أ- نازناو:
1-کۆمەڵایەتی ( ریش سپی ، ....)
2-خزمایەتی ( مام، خاڵ، ئامۆزا ......)
3-پیشە (وەستا، دکتۆر...هتد)
- ئاخێوەری یەکەم : .........
- ئاخێوەری دووەم: ئەگەر بە ماڵی بە مام و خاڵی ئەگەر بێ ماڵی ڕووت و ڕەجاڵی (شیخ محمدی خاڵ 28:2014)
لەم پەندەدا دەوروبەر ئەوە ئاشکرا دەکات کە هەردوو وشەی مام و خاڵ بە واتای فەرهەنگی نەهاتوو، بەڵکو وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی هاتوون، کە مەبەست لێ کەس و کار و خزم و دۆستە واتا هەردوو وشەی مام و خاڵ بە پێی دەوروبەر واتایەکی پراگماتیکی دەدەن، کە خزم و کەس و کارە .
- ئاخێوەری یەکەم:............
- ئاخێوەری دووەم :وەستای نەجار بنوو بێ خەم و خەیاڵ، خوا یەکەو دەرگە هەزار(سەرچاوەی پێشوو : 30)
(وەستای نەجار) لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بووەتە نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ کەسێك کە کەوتبێتە ژێربارێکی قورس . بۆیە هەرکاتێك کەسێك لەژێر بارێکی قورسدا بێت بەم پەندە دڵنەوایی دەکەن. دیارە ئەمەش نیشانەی پراگماتیکییە بەهۆی ئەوەی مانا شاراوەکەی بەهۆی دەوروبەرە نازمانیەکەوە ئاشکرادەبێت.
ب-جێناوەکان: بەکارهێنانی جێناوی کەسی کۆ لەبری جێناوی کەسی تاك: ئەگەر لەبری (من) (ئێمە) بەکارهات یان لەبری(تۆ) (ئێوە)بەکارهات ئەوا ڕێزلێنان دەگەیەنێت، یان گەورەکردنی کەس ئاماژەیە بۆ ڕێز. بۆ تاك جێناوی کۆی (هێنان) وەك: من : ئێمە بڕیارمان دا بێین. تۆ: ئێوە کەی دێن؟ ( د.عەبدولواحید موشیر دزەیی- 2011 : 111،112 )
- ئاخێوەری یەکەم :
- ئاخێوەری دووەم : تۆ لە حەمە ئاشەوان چاکتر نازانی. ( سەرچاوەی پێشوو : 113 )
کاتێك ئاخێوەر لەکاتی ئاخاوتندا قسەکەی بەهێز دەکات بە پەندێکی لەم جۆرە، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئاخێوەر و گوێگر یان هاوشانن یان ئاخێوەر دەستەڵاتی زیاترە لە گوێگر، بۆیە دەبینین هەر لەهەڵبژاردنی کەستەکانی پەندەکە و واتای پەندەکەوە، کە توانج دەگرێتەخۆی. ئەمەش وەکو نیشانەی کۆمەڵایەتی هەژماردەکرێت.

نیشانەی دەق:
نیشانەی دەق: ئەو نیشانانەن کە ئاماژە بۆ پەیوەندی نێوان وتنێك و دەقەکەی دەوروبەری دەکەن. (ئەدڤێربڵەکانی شوێن) نیشانەکانی دەقن، چونکە ئاماژە بۆ پێش یان دوای وتنێك دەکەن. هەروەها ئامرازەکانی لێکدان لە ڕستەی ناسادەدا دەبنە نیشانەی دەق وەك: ( بەڵام، چونکە، بۆیە، ...) چونکە وتن بەیەکەوە دەبەستنەوە. (بەکر عومەر عەلی – ئازاد ئەحمەد حسەین: 2013: 55)
نیشانەی دەقی ئاخاوتن، یان نوسین لەهەندێ دەربڕاودا بۆ گوزارشتکردنی بەشێك لە دەربڕاوەکان بەکار دێت، کە پەیوەستە بە چوارچێوەی دەقەکەوە. نیشانەی دەق ((ئەو نیشانانەن کە ئاماژە بۆ ئەو بەشەی تێکست(دەق) دەکەن کە گوتنەکەی تێدایە، یان ئاماژە بۆ پەیوەندی نێوان گوتنێك و دەقەکەی دەوروبەری دەکات))( محمد معروف فتاح :2011-207).
بە پێی بۆ چوونی ( ج:ار:فیرث) : ((هەردەقێك پێکهاتەیەکە لە پێکهاتەکانی دەوروبەرێکی دیاریکراو )) واتە واتای دەقێك گەلاڵەبوونەکەی لەو دەوروبەرەوە دەبێت کە تیایدا دێتە ئاراوە . ( هۆگر مەحمود:2000:61) لە زمانی کوردیدا ئەم ئامرازانەن کە لەسەرەتای دەربڕاوێك، یان لەناو دەقدا، بۆ مەبەستی جیاواز لەواتای ڕێزمانی خۆیان بەکار دەهێنرێن . بۆ نموونە ( بەڵام ) دوو ڕستەی ئەرێ و نەرێ بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەڕووی ڕێزمانەوە ڕستەی لێکدراو پێك دەهێنن، لەسەر ئاستی پراگماتیکدا وەك نیشانەی دەق .
سەد نوێژ بۆ ئاغا و شێخ دائەبەسترێ بەڵام ڕۆژوو هیچ ڕیای تیا ناکری (پەندەکانی پیرەمێرد:رفیق ساڵحی: 1393: 348)
لەم پەندەشدا، بەڵام، وەکو نیشانەی دەق هاتووە کە هەردوو بەشی دێرە شیعرەکەی بەیەکەوە بەستووەتەوە.
- دونیات بەم ڕەنگە بۆ ئەچێتە سەر بۆ دین و ویژدان خۆت مەخە خەتەر.
چونکە ئەم دووانە ئێستا فیرارین کەوتوونە شاخان شوێن نا دیارین (پەندەکانی پیرەمێرد:رفیق ساڵحی: 1393:153)
ئەم پەندە کە دارشتنەوەی پیرەمێردی شاعیرە. (چونکە) وەکو نیشانەی دەق بەکارهاتووە، لەبەرئەوەی دووبەشی وتنەکەی بەیەکەوە بەستۆتەوە.
پەیوەندی نێوان ئەنافەر و نیشانەی دەق وەك بەکارهێنانی ئاماژەیی دەگەڕێتەوە بۆ ئاماژە بۆکراوەکانییان، ئەنافەر لەناو دەقدایە، بەڵام نیشانەی دەق هەڵگری لێکدانەوەیەکی هۆشەکییانەیە، خوێنەر لە دیکۆدکردنی نیشانەکانی دەقدا نیشانەی کاتی پەیوەست بە چوارچێوەی دەق لێکدەداتەوە.
- ئاش ئاوبردی ئاشەوان لە چەقچەقە دەگەڕێ.( خاڵ 2014-16)
لەم پەندە ئەنافەر جێناوی لکاوی (ێ)یە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئاشەوان.

دەرەنجام و راسپاردەکان و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە
1- نیشانە پراگماتیکییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بە بێ ویستی نێرەر لە گوتن و دەربڕاوەکاندا بەکاردەهێنرێن و بەشدارییەکی کارایان لە ئاخاوتندا هەیە.
2- نیشانەکان ڕۆلیان هەیە لە کورتکردنەوەی ئەرکی وەرگر و وزە و کاتێکی زۆر بۆ وەرگر و نێرەر دەگێڕنەوە.
3- واتای پەندەکان بەبێ بەستنەوەیان بە کارامەیی کەسی و دەوروبەرەوە وەڵامەکەیان بە هەڵە لێکدەدرێتەوە.
4-دەرکەوتنی نیشانەکان وەکو یەك نین و هەندێکیان پتر بەدەردەکەون، بۆیە لە پەندی کوردیشدا بەکارهێنانیان وەکو یەك نین. بەتایبەتی کات و شوێن زیاتر لەوانی دیکە بەستراونەتەوە بەمرۆڤەوەو لێ جیانابنەوە، بەهەمان شێوە لە پەندەکانیشدا کات و شوێن زیاتر دووبارەدەبنەوە.
5-پەندو نیشانەی پراگماتیکی لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە هەردووکییان بەستراونەتەوە بەمرۆڤ و پەندەکان دەربڕی بیرو قاڵبوونی مرۆڤە لەگەڵ ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا، نیشانەکانیش بەستراونەتەوە بە نەك تەنیا بە ئاخاوتنی مرۆڤەوە، بەڵکو بە خودی مرۆڤیشەوە.

**سەرچاوەکان**

پەڕتووک


1. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(2004)، بەرهەمە زمانەوانییەکانم، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، سلێمانی.
2. بەهزاد موحسین رەئوف(2008) تێنس لە نێوان زاری کرمانجی ناوەڕاست و زمانی فارسی ستاندەردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر.
3. تاڵیب حوسێن عەلی(2019) واتاسازی چەند بابەتێکی واتای وشە،چ2، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
4. جاك موشلر وان ريبول(2010) ،ترجمة: مجموعة من الاساتذة والباحثين, منشورات دار سيناترا, تونس.
5. جۆرج یوڵ، وەرگێڕانی :د.ڕەحیم سورخی (2016) مەبەستناسی پراگماتیك، چ 1، چاپخانەی تاران.
6. خالید عەلیزادە (1394 هەتاوی) دیاری تیلەکۆ، چ 2، چاپخانەی گوتار.
7. ڕەفێق ساڵحی (1393 هەتاوی) پەندەکانی پیرەمێرد،چ 2، چاپخانەی هەژار، سنە.
8. سازان رضا معين (2005)، واتاو دەوروبەر، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سەڵاحەدین.
9. سمیە علی محمود(2023) نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
10. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن(2009) پەندی پێشینان و هەندێ زاراوەی کوردی ئینگلیزی، چ 1، چاپخانەی سەردەم.
11. شیخ محەمەدی خاڵ(2014) پەندی پێشینان چ 3 ،چاپخانەی شیڤان.
12. شێرزاد سەبری عەلی( 2014 ) پراگماتیك ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
13. شەهاب شێخ تەیب (2024) وشەسازی کوردی،چ1، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
14. عبدالباقی اکرام احمد(2012) واتاو مەبەست لە پەندی پێشینانی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین.
15. عمر،شوان نجم الدین (2013) دەوروبەر ڕۆڵی لە ڕوونکردنەوەی واتای شیعردا، زانکۆی سلێمانی.
16. عەبدولواحید موشیر دزەیی (2014)پراگماتیکی دەق و گوتار، ناوەندی ئاوێر.
17. عەبدولواحید موشیر دزەیی( 2011) زانستی پراگماتیك، چ 1، چاپخانەی پاك هەولێر.
18. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (1979) لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ 2، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
19. عەبدوللا حوسێن رەسول 1995 مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە(ئیبنولروشد)، زانکۆی بەغدا.
20. محمد معروف فتاح (2011) زمانەوانی، چاپی سێیەم چاپخانەی حاجی هاشم –هەولێر


**نامەی ماجستێر و دکتۆرا: .21**


22. نەزیرە سابیرمستەفا(2021)، پراگماتیك و شێوازگەری، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
23. هۆگر مەحمود فەرەج(2000) پراگماتیك و واتای نیشانەکان، زانکۆی سلێمانی.
24. ئاڤێستا کەمال(2009) نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
25. ئەورەحمانی حاجی مارف (2014) فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی.

26. ئیدریس عەبدوڵلا ( 2014) ئەدەبی میللی و فۆلکلۆیی، بەرگی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
27. Khan, M.H., )1984(, What is time and what causes time?, Chicago IL.

28. گۆڤار
29. بەکر عومەر عەلی و ئازاد ئەحمەد حسەین (2013) دەوروبەری زمانی، لێکۆڵینەوەیەکی سینتاکسی، پراگماتیکییە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە 43.
30. بەهار زایەر محەمەد( 2016)، ستراتیژییەتی گوتار لە دوو چامەکەی (نالی) و (سالم)دا، گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، ژمارە (36).
31. عبدالواحید موشیر دزەیی(2016)، ڕەهەندی پراگماتیکی لە واتاناسی ڕەوانبێژی زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی دهۆك، بەرگی 18 ،ژمارە2.
32. عەبدولڕەحمان، شیلان (2020)، نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لە زمانی بانگەشەی هەڵبژاردن دا لای پاڵێوراوان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی 7، ژمارەی (2).
33. محەمەد عبدالفتاح محوی، (2013) ئاوەڵکردار، ئاوەڵکرداریی و ناوی کات، گۆڤاری زانکی سلێمانی، ژمارە(42)
34. مەهدی فاتیح عومەر( 2019 ) بەراوردێکی پەندەکان لە نێوان پیرەمێرد و خاڵ و خاڵۆکان، گۆڤاری زانکۆی کەرکوك، بەرگی 14، ژمارە 1.التربية الإعلامية ودورها في توعية مستخدمي شبكات التواصل الاجتماعي.

**الملخص (Abstract)**

يُعتبر الربط النصي أحد متطلبات اللغة الأساسية والجانب الدلالي للغة يكتمل به، وفي الوقت الذي تقف فيه الدلاليات والبنية النحوية للجملة والنص عاجزة عن تفسير المعنى غير المباشر، أو المعنى المقصود للوحدات اللغوية، يصبح التفسير التداولي ضروريًا للوصول إلى القصد الحقيقي لكل وحدة لغوية مستخدمة.

تتولى الإشارات التداولية هذه المهمة في ربط النص بالسياق، لأن كل استخدام لها يتطلب إحالة ومعلومات مسبقة حتى يحدث التفاهم بين المرسِل والمتلقي، وبلا شك أن الشخص غير المدرك لسبب استخدام كل واحد من تلك الإشاريات لا يفهم لماذا استُخدمت. وهذا ما يؤكد لنا أن المعنى الحقيقي لأي تعبير لغوي يحتاج إلى السياق الخاص والظروف التي استُخدم فيها، لأن فيها يتضح قصد القول.

في هذه الدراسة، حُوول باتباع المنهج الوصفي التحليلي تحديد تلك الإشاريات التي تلعب دور ربط النص بالسياق لتفسير المعنى، ولهذا الغرض اتُخذت الأمثال السابقة كنموذج، كونها تعبيرًا مختصرًا وموجزًا ذا معنى، وتفسير معناها يكون في السياق من خلال وعي كل من المرسِل والمتلقي بالقصد من استخدام كل واحد من الإشاريات التي اتُخذت كعينة في الدراسة.